وشترەکەی پێغەمبەری خودا (بە ناوی) ئەلعەزبا هیچ شتێکی (پێشی نەدەکەوت (بەهۆی خێراییەکەی

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: وشترەکەی پێغەمبەری خودا (بە ناوی) ئەلعەزبا هیچ شتێکی پێشی نەدەکەوت (بەهۆی خێراییەکەی)، یان بە کەمی (وشتری تر) پێشی دەکەوت (لە خێراییدا)، ئەعرابیەک هات لەسەر وشترێکی کەم تەمەن بوو، پێشی وشترەکە (پێشی ئەلعەزبا) کەوت، وئەمەیش بووە هۆی ناڕەحەت بوونی مسوڵمانان وبە لایانەوە قورس بوو، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «مافێکە خودا لەسەری خۆی واجب کردووە، هەرشتێک لە دونیادا بەرز ببێتەوە؛ هەر (ڕۆژێک دێت) نزمی بکاتەوە».

[صەحیحە] [وەکو ئەوە بوخاری گێڕاویەتیەوە]

وشترەکەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە ناوی (ئەلعەزبا) هاوەڵان پێیان وابوو هیچ وشترێکی تر ناتوانێت پێشی بکەوێت یان بە کەمی وشتری تر پێشی دەکەوت لە خێراییدا، ئەعرابیەک هات لەسەر وشترێکی کەم تەمەن بوو، پێشی ئەلعەزبا کەوت، وئەمەیش بووە هۆی ناڕەحەت بوونی هاوەڵان وبە لایانەوە قورس بوو -ڕەزای خوایان لێبێت-، کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- زانستی هەبوو سەبارەت بەوەی چی لە نەفسیاندایە، فەرمووی: (مافێکە خودا لەسەری خۆی واجب کردووە، هەرشتێک لە دونیادا بەرز ببێتەوە؛ هەر -ڕۆژێک دێت- نزمی بکاتەوە)، هەر بەرزبوونەوەیەک لە دونیادا هەر ڕۆژێک دێت دابەزێت ونزم بێتەوە، ئەگەر ئەم بەرزبوونەوەیە لە نەفسدا بێت وخۆی بەگەورە بزانێت ئەوا نزم بوونەوەکەی خێراتر دێت؛ چونکە لێرەدا نزم بوونەوە سزایە بۆ ئەم خۆبەگەورەزانە، وئەگەر هیچ شتێک لەوانەی پێشووتری لەگەڵدا نەبوو هەردەبێت نزم بێتەوە، کاتێک -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (لە دونیادا): بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەرشتێک پەیوەیست بێت بە قیامەتەوە ئەوا خوای گەورە نزمی ناکاتەوە، کاتێک خوای گەورە دەفەرموێت: {يَرْفَعِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مِنكُمْ وَٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ دَرَجَٰتٍ ۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ} [المجادلة: 11] واتە: {خوداش پلەوپایەی ئەو کەسانە بەرز دەکاتەوە لە ئێوە کە بڕوایان هێناوە وە ئەوانەی کە زانستیان پێبەخشراوە بە چەند پلەیەک (پلەیان بەرز دەکاتەوە) وە خودا شارەزایە بەوەی دەیکەن}، ئەوەی سیفەتی زانست وئیمانیان هەبێت؛ خوای گەورە هەرگیز نزمی ناکاتەوە، بەڵکو ناویان وپلەوپایەیان بەرز دەکاتەوە لە قیامەتدا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6204